ئەوەی بگاتەوە لای اللە وبە هیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ بڕیار نەدابێت؛ ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، وئەوەی بگاتەوە لای اللە وهاوبەشی بۆ بڕیار دابێت؛ ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو : «ئەوەی بگاتەوە لای اللە وبە هیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ بڕیار نەدابێت؛ ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، وئەوەی بگاتەوە لای اللە وهاوبەشی بۆ بڕیار دابێت؛ ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات لەم فەرموودەدا کە ئەو کەسەی بمرێت وهیچ هاوبەشێکی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدابێت ئەوا ئەم کەسە دەچێتە بەهەشتەوە، ئەگەر لەدوای سزادانیشی بێت لەسەر تاوانەکانی، ئەگەر کەسێک بمرێت لە سەر هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان بێت ؛ ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3418